ئاری عەلی بۆ رۆژی گەل

جوانی سەد لە سەد بۆ هونەرمەند گرنگ نیە

ئاری عەلی ساڵی 1980 لە قەرەداغ لە دایک بووە ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیە، لە سەرەتای کاری هونەریدایە و لەبواری گۆرانی وتن دەیەوێ درێژە بەهونەر بدات. بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبکەین، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی داینەوە.

پ/ سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

و/ سەرەتای کاری هونەریم لەساڵی 1998 بوو سەرەتا بە مۆسیقا دەستم پێکرد ئامێری ئۆرگم ژەند تا ئاستێکی باش شارەزاییم لە مۆسیقا هەیە، وە هەروەها لەساڵی 2004 هاتمە دنیای گۆرانی وتن.

پ/ هەوڵت نەداوە ئاوازو تێکست دابنێیت؟

و/ تێکستەکانم لەکاری خۆمەو تەنها یەک بۆ دوو گۆرانی نەبێت ناو سیدیەکەم کاری (کاک بەڵێن عبداللە)یە وە کاری دابەشکردنی مۆسیقاکانی لەئەستۆ گرتووە گۆرانیەکانیشم لەهەولێر تۆمار کردووە ئەمەوێ لێرەوە دەست خۆشی لە (کاک زیرەک محمد ئەمین) بکەم کە زۆر هاوکاری کردم.

پ/ تا ئێستا چەند گۆرانیت تۆمار کردووە؟

و/ تائێستا سێ گۆرانیم تۆمار کردووە وەک کلیپ بەرەسمی بۆهەردوو کەناڵی کوردسات و کوردستان، وە ئەرکی وێنەگرتنیان گرتۆتە ئەستۆو وە لەبەرنامەمدایە چەند کلیپێکی ترو سیدیەکیش کە(10) گۆرانی لەخۆ گرتووە بەئەنجامیان بگەینم وە تێکرای ئاوازو تێکستەکانی کاری خۆمن.

پ/ جوانی روخسار گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێک کە لەلای جەماوەر خۆشەویست بێ؟

و/ جوانی لەسەدا سەد گرنگ نیە ئەگەر هونەرمەند کارەکانی زفت و لاواز بوو ئەوا پێم وایە لەم حاڵەتەدا جوانی هیچ بایەخێکی نابێت.

پ/ پێشنیارت چییە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ؟

و/ تاکە پێشنیارم ئەوەیە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەندێک زیاتر بایەخ بەو هونەرمەندانە بدەن کە لەسەرەتای کاری هونەریدان بۆ ئەوەی هەنەرمەندانیش زیاتر خۆیان هیلاک بکەن و بەرهەمی جوانتر پێشکەش بە جەماوەر بکەن

پ/ دوا پەیڤت چیە؟

و/ زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیەم بەهیوام رۆژی گەل هەمیشە پێشەنگ بێت و نەوایەک بێت بۆ هونەرمەندان.

ئا/ رۆژ

پێش 19 ساڵ لە نێو دارستان بزربوو، ئێستا دەدۆزرێتەوە

پۆلیسی کەمبۆدیا لە هەواڵێکی سەرسوڕهێنەردا، رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ڕایگەیاند ئەو کچە تەمەن هەشت ساڵیەی کە 19 ساڵ لەمەوبەر بزربوو، ئێستا تەمەنی 27 ساڵە و دۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی پۆلیس، 19 ساڵ لەمەوبەر لەنێو دارستانێکی باکووری رۆژهەلاتی ئەو وڵاتەدا کچێکی 8 ساڵان بزربوو، ئەوێ رۆژێ خزم و کەس و هێزەکانی پۆلیس بەشێوەیەکی بەرفراوان بەدوایدا گەران و نەیاندۆزیەوە، بەڵام ئێستا دوای 19 ساڵ لە کاتێکدا هیچ زمانێک نازانێ، دۆزراوەتەوە، شێوەی نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەڵی وەرگرتووە، بەرۆژ دەخەوێ و شەوان هەڵدەستێ و حەز بە گەڕان دەکات.

ئەو ژنە ناوی (رۆچوم پنگینگ)ە و لە کەمەنەتەوەی (پنونگ)ە. ئەم نەتەوەیە بەپێی دابونەرێتی خۆیان پشتی منداڵەکانیان نیشان دەکەن. بەو هۆیەشەوە دوای دۆزینەوەی لەلایەن دایک و باوکی ناسراوەتەوە.

دەستەلاتدارانی ناوچەکە بۆ دەرکەوتی راستی کەسایەتی ئەو ژنە بڕیاریان داوە کە تاقیکردنەوەی (دی ئێن ئای) بۆ بکەن، دایک و باوکی ئامادەیی خۆیان پێشانداوە، لەوانەیە لەرۆژانی داهاتوودا خوێنیان وەربگیرێ و تاقی بکرێتەوە.

بڵاوکراوەی نوێ

دیانا حەداد پلەی باشترین گۆرانیبێژی عەرەب بەدەست دێنێ

گۆڤارەکانی (حریتی) و (نص الدنیا)ی میسری بەبۆنەی وەدەستهێنانی پلەی باشترین گۆرانیبێژی عەرەب بۆ ساڵی 2006 و براوەی خەلاتی شێری زێڕینی ساڵانە، بڕیاریانداوە رۆژی 11ی شوبات ئاهەنگێکی تایبەت بۆ سترانبێژ دیانا حەداد بگێڕن.

لەلایەکی دیکەوە، هەریەکە لە کەناڵی (نجوم)ی ئیماراتی و(ئێستگەی میلۆدی ئاسمانی میسری) و(دامەزراوەی لوبنانی بۆ پەخشی زەوی) بڕیاریان داوە رۆژی 21-1-2007 تازەترین گۆرانی کلیپکراوی دیانا حەداد پەخش بکەن.

ئەوەی شیاوی باسە دیانا حەداد یەکێکە لەو سترانبێژانەی کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی شوێنی خۆی لەنێو هۆنەری گۆرانی عەرەبی بکاتەوە، بەوهۆیەشەوە لەلایەن نەیارانیەوە دژایەتی دەکرێ و ناوونانێرەی دەدرێتە پاڵ، سەرەتای ئەم مانگە کاتێ دەیویست ئاهەنگێک لە بەحرێن ساز بکات، لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا دەستێکی نەناس هەموو ریکلامەکانی هەڵواسراوەکانی کە وێنەی خۆی لەسەر بوو، لێکرایەوە، بەڵام ناوبراو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ئەو دژایەتیانە بە گیانی وەرزشوانی وەردەگرێ و رقی لەکەس نابێتەوە.

مێژووی هەڵوێست وپشتیوانیەکانی قەزافی لە کێشەی کورد زۆر لە مێژووی هەندێ بەرپرس گەورەترو پیرۆزترە، کەچی چونکە قەزافی شینی لەسێدارەدانی سەدامی گێڕاوە، دەبێ چاکە و پیاوەتیەکانی ئاوەژوو بکرێتەوە! ئەوەی قەزافی بە مردوویی بۆ سەدام حوسێنی دەکات، هەندێ کەس بە زینددوویی زۆر زیاتریان بۆ کرد پێیانوایە لەبیر دەچنەوە!!

نازانم کەنگی بەرپرسەکانی هەرێمەکەی خۆمان فێری جێبەجێکردنی بەڵێن و پەیمانەکانی خۆیان دەبن!! خۆ ئەگەر هەر لە بنچینەوە بەڵێن و پەیمان نەدەن باشترە، کەس لە بەڵینەکان ناکۆڵێتەوە، کەس لە پەیمانەکان ناپرسێتەوە، کەس ناڵێ سێ سەد هەزار لیتر بەنزینەکەمان چی لێهات؟ مخابن بەرپرسەکان بەڵێن دەدەن و جێبەجێی ناکەن، پەیمان دەدەن و نایبەنەسەر.

دایکی شەهیدێک دەیگوت: نازانم چۆن بەرپرسان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە کۆڵانێکی گەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر بە ناوی کۆنە مەفرەزەخاسە و کوردکوژێکەوە ناوبنێن!! مەگەر لەبیریان چووە کە چەندین رۆڵەی ئازای کورد بە دەستی ئەو کەسەوە شەهید کراون؟!

برادەران گاڵتە بە میرنشینی کوێت دەکەن و دەڵێن بنەماڵەی میر هەموو شتێکن، کەچی ئەوان سەلماندیان کە یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئەوەتا دادگەی کوێت سزای لەسێدارەدانی بۆ شێخ تەلال بن ناسر ئەلسەباح بڕیوەتەوە، بەڵام لە هەرێمی خۆماندا بەرپرسەکان خۆیان بەگەورەتر لە یاسا دەزانن، ئامادەشنین ئەو تاوانبارانەی کە داڵدەیان داون، رادەستی دادگە بکەن!!.

دەڵێن شاعیرێک رۆژانە 4 پاکەت سیگار دەکێشێ، نرخی هەر پاکەتێ هەشت هەزار دینارە، واتە رۆژانە تەنیا 32 هەزار دینار وەکو دووکەڵ و بە هەوا بڵاوی دەکاتەوە، مانگانە 960 هەزار دینار تەنیا مەسەرەفی سیگاریەتی! بەڕاستی شاعیرێکی خەمخۆرە!!



حکومەت لەخۆی ناپرسێ؟

مەسعود محەمەدی گەورە نووسەر لەسەرەتای هەزارەی نوێداو لەچاوپێکەوتنێکیدا کەدواتر کرا بەکتێب بەناوی (ژیان و جیهان بینی) چاپکرا دەڵێ: ئەم وەزعەی دەست یەکێتی و پارتی کەوتووە گەر بدرێتە دەست کۆمپانیایەکی نەرویجی یاخود هەر وڵاتێکی تری ئەورووپی ئەوا لەماوەی چەند ساڵێکدا دەوڵەتێک بۆ کورد دروست دەکات. ئەوکات گاڵتەم بەو قسەیە دەکرد، بەڵام ئێستا تەواو بروام پێیەتی و پێموایە گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکرێ بە وڵاتێک، بە کۆمپانیایەک بدرێت زۆر حاڵمان لەئێستا باشتر دەبێت. گەرحکومەتەکە بدەنە کرێ ئەوسا بەیەکجاری خەڵک لە کۆڵ بۆڵەبۆڵی بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ سووتەمەنی و هەموو بێ کانی تریش دەکەنەوەو تۆزیکیش ئیسراحەت دەکەن. جاگوێ لەم نوکتەیە بگرە، نابوورە.. ئەم نوکتەیە بخوێنەرەوە (کابرا لەپڕ بەرپش و سمێلێکی زۆرەوە دەرکەوت، خەڵکی کۆڵان وتیان ئەوەچییە کابرا.؟ خۆتۆ بەتەمەنت ئەوەندە ریش وسمێلت نەهێشتۆتەوە.؟ مەگەر شتێک قەوماوە.؟ کابرا وتی: نەوەڵڵا هیچ نەقەوماوە بەڵام منالانی گەڕەک ئەوەندە بەکورەکەمیان وت لە.. باوکت بەم لەتواناما نەماو وتم بائیتر .. ئیسراحەت کات و بڵێن گو بەرپیشی باوکت) ئیتر ئەوسا حکومەتیش ئیسراحەت دەکات و خەڵک دەڵین نەعلەت لەوەی حکومەتی کوردی دایە دەست ئەم کۆمپانیایەو وا بێ کارەبای کردین.

دەمێکە ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم باشە حکومەتێک نەئاو، نەکارەبا، نەسووتەمەنی، نەژیانێکی شایستە، نەخانوو، نەموووچەی باش بۆ خەڵک دابین دەکات. ئیتر ئەبێ زەرورەتی مانەوەو بوونی ئەم حکومەتە چیبێت.؟ حکومەتێک بەگومرگ گرانی گەورەی لەوڵاتدا دروست کردووەو بەهۆی پەروەردەی خۆی و کادرەکانییەوە بازاڕەکانیشی سەقەت کردووەو ئەو بێ وێژدانییەی ئێستا بازاڕ بەدەستییەوە دەناڵێنێ هەرگیز لەوێتەی نەبووە، ئیتر حکومەت بوونی چییەو نەبوونی چی.؟ حکومەتێک لەخۆی ناپرسێت خەڵک بۆچی ئاوها لێی پڕە.؟ خەڵک شەوو رۆژ تەلیفۆن بۆ دائیرەی کارەبا دەکەن و جنێوی وەک گوللە هاوەن بەحکومەتەوە دەنێن و حکومەتیش بێ باک پاڵیداوەتەوەو دەیەوێ هێندەی تەمەنی نوح دەسەلاتی بەسەر ئەم خەڵکەوە هەبێت و هیچ خەمێکیشیان نەخوات. هەر گومرگیان لێ وەرگرێت و یەک فلس لەو خەڵکەدا خەرج نەکاتەوە. بەڵام من دڵنیام بدرێینە دەست هەر کۆمپانیایەکی تورکیش کە گەورەترین دوژمنی کوردە، لانیکەم ئاوو کارەباو سووتەمەنییەکەمان بۆ دابین دەکات، چونکە ئەوە مافێکی رەوای هەر خەڵکێکە لە دیکتاتۆرترین وڵاتی نیادا، نمونەی هەرە دیاریش سەدامی دیکتاتۆربوو کەلەسەردەمی ئەودا پیاو هەبوو بتوانێ بەرمیلێک نەوت لەحەوت دینارو نیوی سویسری زیاتر بفرۆشێ. هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێران و سی و پێنج ساڵ شەری لەگەڵ کورد کرد کەچی یەک سەعات کارەباو ئاوی خەڵکی نەبڕی و بەردەوام کارەباو ئاوهەبوو. ئەمە پیاهەڵدان نییە بەسەر ئەو میکرۆبەی لەدوای خۆیشی بەسەد ساڵیتر وڵاتەکە ئارام نابێتەوە ، بەڵام هەندێک راستی هەیە ناکرێت ونبێ. ئەوە ئازایەتی سەدام نەبوو ئەو شتانەی دەکرد، بەڵکو ئەوە مافدانی خەڵکە لەلایەن حکومەتەوە بەوەی کەناکرێت سەرباری هەموو زوڵم و زۆرێک پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئینسان دابین نەکرێت.

jabardllopa@yahoo.com

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. 07301113061
ئۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com
ئیتەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org